**پژوهشنامه ادبیات کردی** دوره پنجم، شماره ۷، بهار و تابستان ۱۳۹۸

# ئاوڕدانەوەیەک لە هەندێ تایبەتمەندیی زمانیی هەورامیی کرماشانی

**زانیار نەقشبەندی**[I]

پرۆفیسۆری یاریدەدەری بەشی زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی کوردستان سنە

**ئێحسان میرەکی**[II]

توێژەری زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی کوردستان، سنە

نوع مقاله: مقاله پژوهشی؛ تاریخ دریافت: ۱۷ فروردین ۱۳۹۸؛ تاریخ پذیرش: ۳ تیر ۱۳۹۸؛ صص ۱۸۵-۲۰۵

## چکیده

هورامی به مثابه‌ی گویشی گورانی و یکی از زبان‌های ایرانی نو، از این قاعده کلی که زبان‌های مختلف جهان معمولا به علل مختلف دستخوش تغییرات کلی می‌شوند، مستثنی نیست. تاکنون گونه‌های متعددی از این گویش گورانی در مناطقی همچون هورامان لهون (در نواحی کردنشین ایران و عراق)، هورامان تخت، هورامان ژاوه‌رود و روستای کندوله یافت شده و تا حدی ویژگی‌ها این گونه‌ها در ادبیات موجود در باب هورامی توصیف شده است. مقاله‌ی حاضر درصدد است تا برای اولین بار گونه‌ی جدیدی از این گویش را با نام هورامی کرمانشاهی معرفی نماید و برخی از خصوصیات زبانی مختص به آن را بازشمارد. نیاکان گویشوران این گونه‌ی خاص از هورامی که عموما ساکن کرمانشاه هستند، از اوایل دهه‌ی سی شمسی بنا به علل مختلف اقتصادی، اجتماعی و سیاسی از شهرستان پاوه به کرمانشاه مهاجرت کرده‌اند. تغییرات زبانی رخداده در گویش هورامی نسل دوم و سوم این مهاجران از الگوهای مشابهی پیروی می‌کند که عملا امکان بازشناسی گویش‌شان را به مثابه‌ی گونه‌ی جغرافیایی جدیدی از هورامی ممکن می‌سازد. برخی از این تغییرات که در جستار حاضر در قالب مقایسه‌ای تطبیقی با گونه‌ی پاوه‌ای معرفی خواهند شد عبارتند از: حذف دال هورامی در پاره‌ای از محیط‌های واجی و صرفی خاص، حذف مقوله جنسیت، تغییر سازوکارهای بیان نمود استمراری، تغییر شرایط حاکم بر حالت‌نمایی در صرف اسم، تغییر الگوی انطباق ارگتیو. از آنجایی که بخشی از خصوصیات این گونه از هورامی در گونه‌های دیگری از هورامی، همچون گویش کندوله‌ای، نیز مشاهده می‌شود، خواهیم کوشید تا در پایان این جستار الگویی از تغییرات احتمالی در هورامی بدست دهیم.

**واژگان کلیدی:** هورامی کرمانشاهی، تغییرات زبانی، جنسیت، حالت‌نمای غیرمفعولی، نمود استمراری، الگوی انطباق ارگتیو

## کورتە

هەورامی وەکوو دیالێکتێکی گۆرانی و یەکێک لە زمانگەلی ئێرانیی نوێ، لەم یاسایە کە هەموو زمانەکانی دنیا بە هۆی هۆکارگەلی جیاجیاوە تووشی ئاڵوگۆڕ دەبن، بەدەر نییە. تا ئێستا چەشنگەلێکی جیاواز لەم دیالێکتە گۆرانییە لە ناوچەگەلێک وەکوو هەورامانی لهۆن (لە هەرێمە کوردنشینەکانی ئێران و عێراقدا)، هەورامانی تەخت، هەورامانی ژاوەرۆ و گوندی کەندووڵە دۆزراوەتەوە و تا ڕادەیەک تایبەتمەندیگەلی ئەم جۆرە زمانیگەلە لە لێکۆڵینەوە بەردەستەکاندا لەمەڕ هەورامی، پێناسە و شی کراونەتەوە. لەم وتارەدا دەمانەوێت بۆ یەکەم جار جۆرێکی نوێ لەم دیالێکتە لە ژێر ناوی هەورامیی کرماشانیدا بناسێنین و هەندێك لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی تایبەت بەم جۆرەزمانییە بەرجەستە و ڕوونیان بکەینەوە. باب و باپیرانی ئاخێوەرانی ئەم جۆرە تایبەتە لە هەورامی کە بە گشتی دانیشتووی کرماشانن، لە دەیەی بیستەمی زایینیدا لەبەر هۆکارگەلی جیاجیای ئابووریی، کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی لە شاری پاوەوە کۆچیان کردووە بۆ کرماشان. ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە سەر دیالێکتی هەورامیی بەرەی دووهەم و سێهەمی کۆچکردووەکاندا هاتوون، لە ئولگووگەلێکی وێکچوو پێڕەوی دەکەن کە لە ڕاستیدا ڕێگای دیسانەوەناسینی دیالێکتەکەیان وەکوو چەشنێکی جوگرافیاییی نوێ لە هەورامی ساز دەکا. برێک لەم ئاڵوگۆڕانە کە لە وتاری بەردەستدا لە دووتۆی هەڵسەنگاندنێکی بەراوردکارانە لەگەڵ شێوەئاخاوتنی پاوەیی دەخرێنە بەرچاو بریتیین لە: سڕینەوەی /d/ی هەورامی لە هەندێک لە بەستێنگەلی واچی و وشەناسیی تایبەتدا، نەمانی تایبەتمەندییی ڕەگەز، گۆڕانی شێوەی کۆکردنی ناوەکان، گۆڕانی چۆنیەتیی دەربڕینی نموودی بەردەوام، گۆڕانی دۆخە سەلمێندراوەکان لە سەر دۆخنوێنی لە گەردانی ناودا، گۆڕانی ئولگووی هاوتەریبی ئێرگێتیڤ. هەروا کە هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە لە هەورامییە لە جۆرگەلی دیکە لە هەورامی وەکوو شێوەزاری کەندووڵەییش دەبینرێت، هەوڵ دەدەین لە کۆتاییی ئەم وتارەدا ئولگوویەک لە ئاڵوگۆڕگەلی ئەگەری لە هەورامیدا بخەینە بەر دەست.

**وشە سەرەکییەکان:** هەورامیی کرماشانی، ئاڵوگۆڕگەلی زمانی، ڕەگەز، دۆخنوێنی نابکەردی، نموودی بەردەوام، ئولگووی هاوتەریبی ئێرگێتیڤ.

[I] Z.naghshbandi@uok.ac.ir

[II] E.miraki@lit.uok.ac.ir

[I] Z.naghshbandi@uok.ac.ir

[II] E.miraki@lit.uok.ac.ir

## ۱- پێشەکی

هەورامی یەکێک لە زمانەکانی ئێرانیی نوێیە کە لە لقی باکووریی ڕۆژئاواییی ئەم زمانانەدا جێ دەگرێت. بە گشتی ئاخێوەرانی هەورامی لە ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگا ڕۆژئاواییەکانی ئێران، واتە کرماشان و کوردستان، و بەشێک لە ناوچە کوردنشینەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا نیشتەجێن. دیاریکردنی شوناسی هەورامی و هەروەها پێگەی ئەو زمانە لە ناسنامەی بنەماڵەییی زمانە ئێرانییەکاندا بەردەوام مشتومڕێکی زۆری بەدواوە بووە. هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان و ئێراناسە ڕووسی و ئەوروپاییەکان وەکوو: مینۆرسکی، مەکێنزی، بلۆ و ئاساتوریان هەورامی وەکوو زمانێکی سەربەخۆ لە بنەماڵەی کوردی بە ئەژمار دێنن. لەم نێوانەدا مەکێنزی (١٩٦١) بە ئاماژەدان بە بڕێک تایبەتمەندیگەلی واچی لە هەورامی و شێوەی ئاڵوگۆڕی جیاواز لە دیالێکتە کوردییەکان، هەورامی وەکوو دیالێکتێک لە بنەماڵەی زمانی گۆرانی پێناسە دەکات کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر دیالێکتی سۆرانی بووە. لە بەرانبەر ئەوەوە بڕێک لە ئەدیبان و ڕووناکبیرانی کورد بە ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە جیاوازیی نێوان هەورامی و لقەکانی، هەورامی وەکوو ژێربەشێک لە زمانی کوردی پێناسە دەکەن.

ئەم ڕووناکبیرانە لەسەر ئەو بڕوایەن کە بە پێی لە تەنیشت یەکترەوە ژیان بەسەربردنی کوردزمانان و هەورامی‌زمانان لە ناوچە کوردنیشینەکاندا لە مەودای ساڵیانی ڕابردوودا، هەر جۆرە جیاکردنەوەیان دوور لە ڕاستییە و دەبێت هەورامی لە جەم کرمانجی و سۆرانی و کوردی باشوور وەکوو چوارەمین ژێربەشی بنەماڵەی زمانی کوردی پێناسە بکرێت. گەییشتن بە هەر چەشنە دەرکەوتێکی یەک‌گرتوو لەم بابەتەدا پێویستی بە ئەنجامی لێکۆڵینەوەگەلێکی زمانی و مێژوویی قووڵ هەیە. هەورامی وەکوو زۆربەی زمانە ئێرانییەکان خاوەن دیالێکتگەلێکی جوگرافیایی جۆراوجۆرە، چەشنگەلی سەرەکیی هەورامی دەتوانین بە سێ ناوچەی جوگرافی هەورامانی لهۆن (پارێزگای کرماشان و بەشێک لە ناوچەگەلی ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق)، هەورامانی ژاوەرۆ (بە گشتی لە پارێزگای کوردستان) و هەورامانی تەخت (لە پارێزگای کوردستان) دەبیندرێت. لە هەر یەک لە سێ ناوچەی ئاخێوی ئاماژەپێکراویش جیاوازیی زمانی زۆر دەبیندرێت بەو شێوەیە کە ناتوانین تەنیا یەک جۆری تایبەت لە هەورامی وەکوو چەشنی لهۆنی، ژاوەرۆیی و تەختی بناسێنین.

وێڕای ناوچەگەلی باس‌کراو هەورامی خاوەن دوورگەگەلی دیالێکتیی دیکەشە لە پارێزگاگەلی کرماشان و کوردستاندا. دانیشتوانی گوندی کەندووڵە (لە نزیکی دینەوەر) لە پارێزگای کرماشان و هەروەها گوندی قەڵا لە نێزیکیی قوروەوە لە پارێزگای کوردستان ئاخێوەرانی چەشنێکی تایبەت لە هەورامین، ئەگەرچی لە باری جوگرافییەوە مەودایەکی زۆریان

لەگەڵ یەک هەیە بەڵام وێکچوونگەلێکی زمانیی زۆر لە ئاخاوتنیاندا بەدی دەکرێ. چاو خشاندنێکی خێرا بە سەر ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە لە مەڕ هەورامییەوە ئەوەمان پیشان دەدات کە جۆرگەلی هەورامی لە ناوچەگەلی لهۆن و تەخت زۆرتر سەرنجی لێکۆڵەرانی بۆخۆی ڕاکێشاوە و جۆرگەلی دیکەی هەورامی بە گشتی نەناسراو ماونەتەوە. هەورامیی کرماشانی وەکوو جۆرێک لە هەورامی دێتە ئەژمار کە هەوڵ دەدەین بۆ یەکەم جار لە ئەم وتارەدا پێناسەی بکەین و بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی زمانیی شرۆڤە بکەین.

هەورامیی کرماشانی لێرەدا لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جۆرگەلی دیکەی هەورامیدا، تەمەنی کەمتر و لێکەوتەی کۆچی هەورامی‌زمانانی دانیشتووی پاوە بۆ کرماشانە کە لە دەیەی بیستی زایینی بەم لاوە کۆچیان کردووە. ئەگەرچی لە سەرچاوەگەلی مێژووییی هاوچەرخدا ئاماژەیەک بۆ کۆچی بەردەوامی دانیشتووانی پاوە بۆ کرماشان کە ئێستاش بەردەوامە نەکراوە، بەڵام دەتوانین هۆکارگەلی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی وەکوو سەرەکیترین هۆکارگەلی ئەم کۆچە بە ئەژمار بێنین، کە هێدی هێدی لەگەڵ لەدایکبوون و گەورەبوونی بەرەگەلی ئاخێوەرانی کۆچ‌کردوو لە دەیەی ٥٠ و ٦٠ـی هەتاوی بە دواوە لە کرماشان شێوەیەکی نوێ لە دیالێکتی هەورامی لە ئەم شارەدا دروست بووە کە بە شێوەی ئاشکرا جیاوازیگەلی زمانیی زۆری لەگەڵ دیالێکتی بنەڕەتیی بەرەی یەکەمی کوچ‌کردوواندا هەیە.

لە ڕوانینی یەکەمدا وەها بەرچاو دەکەوێت کە جیاوازیگەلی بەردەست لە دیالێکتی هەورامیی دانیشتووانی کرماشان بە گشتی شێوەیەکی ڕووداوەکییان هەیە کە هیچ جۆرە ئولگوویەکی تایبەتیان تێدا بەدی ناکرێت و لە باشترین دۆخدا دەبێت ئەو ئاڵ‌وگۆڕە زمانییانە کە لە دیالێکتی هەورامیدا دەبیندرێت، دەرکەوتی ڕاستەوخۆی ئەوە بزانرێ کە بەرەییێکی نوێ بایەخێکی کەمتریان بە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی زمانی کۆنی هەورامی داوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە کۆکردنەوەی زانیاریگەلی زمانی لە چەندین کەسی بەرەی دووهەم و سێهەمی ئاخێوەرانی کۆچ‌کردوو لە لایەکەوە، لێکدانەوەی جۆرگەلی هەورامی لە شوێنگەلێک وەکوو کەندووڵە لە لایەکی ترەوە، ئەمەی بۆ لێکۆڵەرانی ئەم توێژینەوە سەلماند کە دەتوانرێت ئەم جۆرە زمانییە وەکوو دیالێکتێکی نوێ لە هەورامی بە تایبەتمەندیگەلی زمانیی تایبەت بە خۆیەوە پێناسە بکرێت.

بە هەمان شێوە کە پێشتر وترا جۆری ئاماژە پێکراو کە لێرە بە دواوە لە ئەم وتارەدا لە ژێر ناوی «هەورامیی کرماشانی»ـدا پێناسە دەکرێت، تەمەنێکی کەمی هەیە. سەرەڕای ئەم لێکدانەوەیە دۆخی گشتی پیشان دەدات کە ئەم دیالێکتە مەترسیی نەمانی لە سەرە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ڕەوتی گشتی لە بەرەی نوێی بنەماڵەگەلی کۆچ کردوودا بەرەو ئەوێ دەڕوات کە بەرەو

سڕینەوەی کەڵکوەرگرتن لە هەورامی بە سوودی زمانگەلی فارسی و کوردیی سۆرانی (جافی و کوردیی باشووری بە گشتی جۆری کەڵهوڕی و کرماشانی) دەڕوات.

لێکۆڵینەوەی بەردەست هەوڵ دەدات تا لە ڕێگای نووسینەوە و شرۆڤەکردنی بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی زمانیی ئەم دیالێکتە تایبەتە نە تەنیا هەوڵ بۆ مانەوەی ئەم جۆرە زمانییە وەکوو میراتێکی فەرهەنگی بدات بەڵکوو بتوانێت تایبەتمەندیگەلی بگۆڕی هەورامی تا ڕادەیەکی زۆر بناسێنێت. تایبەتمەندیگەلێک کە لە جۆرگەلی هەورامی وەکوو کەندوولەییشدا دەبینرێت. هەر بەم بۆنەیەوە بۆ پیشاندانی ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکان هەر یەک لە تایبەتمەندیگەلی هەورامیی کرماشانی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەورامیی پاوەییدا پێناسە دەکرێت. پێکهاتەی گشتیی وتارەکە لە پاش ئەم بەشە بەو شێوەیەیە کە بەشی سێهەم تەرخان دەکرێت بۆ پێناسەی بڕێک لە جیاوازیگەلی دەنگیی دوو دیالێکتی کرماشانی و پاوەیی. لە بەشی چوارەمدا جیاوازیگەلی وشەناسانەی جۆرگەلی کرماشانی و پاوەیی بە تایبەت لە بەشگەلی نیشانەگەلی کۆ و نیشانەگەلی ڕەگەزدا لێک دەدرێنەوە، لە بەشی پێنجەمدا جیاوازیگەلی بەردەست لە دەڤەری ڕستەناسانەی نموودی بەردەوامساز لە دوو جۆری کرماشانی و پاوەیی لێک دەدرێنەوە و لە بەشی شەشەمیشدا شێوەگەلی جیاوازی وتنەوەی ئۆلگووی هەڵسەنگاندنی ئێرگەتیڤ لە جۆرگەلی کرماشانی و پاوەییدا شرۆڤە دەکرێن. لە بەشی کۆتاییشدا لێکەوتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی کورت دووپات دەکرێتەوە.

## ۲- تایبەتمەندییە دەنگییەکان

جۆری کرماشانی هەورامی لە باری بینای دەنگی و واچییەوە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ جۆرگەلی دیکەی هەورامی بە تایبەت هەورامیی پاوەیی نییە. ڕەنگە تەنیا جیاوازیی بەرچاوی دەنگیی جۆری کرماشانی لەگەڵ دیالێکتەکانی تری هەورامی تەنیا لە نەبوونی داڵی هەورامی یان داڵی زاگرۆسی لە هەورامیی کرماشانیدا بێت. بە بڕوای نەقشبەندی (۱۳۹۷) دەنگی داڵی هەورامی لە ڕاستیدا شێوەی ئەپراکسیمێنتی[۱] تەقینەوەگەلی پووکی[۲] واتە واچگەلی /t/ و /d/ ـیە کە لە پێکهاتەگەلی دەنگیی تایبەتدا ڕێگای دەرکەوتنیان هەیە و دەتوانین ئەوان بە نیشانەی [ɪˠ] لە خشتەی IPAدا نیشان بدەین. نیشانەی [ˠ] لە پیشاندانی ناوبراودا نوێنەری ئەو ڕاستییەیە کە یەکەم دەنگی ئەپراکسیمێنتکراوی باسکراو لە کاتی بێژەکردندا تووشی ڕەوتی نەرمەمەڵاشوویی‌بوویی[۳] دەبێت بەو واتایە کە لە ڕەوتی داهێنانی دەنگدا بەشی کۆتاییی زمان

---

[1] Approximation.

[2] Alveolar plosives.

[3] Palatalization.

نزیک دەبێتەوە بە نەرمەمەڵاشوو. نەقشبەندی (هەمان) بینایەکی گشتیی لە وشەگەلی خاوەن داڵی هەورامی خستووەتە بەر دەست کە چوار وێنەی لە ئەم بەشەدا وەکوو نموونە دەبینن.

1. a. ʔæɹˠa دایک
   b. ʔæɹˠaɹˠ دایکت
   c. χuɹˠa خودا
   d. de:ɹˠe پوور

لە هەورامیی کرماشانیدا دەنگی باس‌کراو لە زۆرینەی وشەکاندا بێژە ناکرێت و لە جیاتیی، واچگەلی /t/، /r/ و /w/ بەکار دەبرێن.

### ٣- تایبەتمەندییە وشەناسانەکان

برێک لە بەرچاوترین جیاوازییەکانی هەورامیی کرماشانی لەگەڵ هەورامیی پاوەییدا، لە باری وشەناسیی ئەم جۆرە لە هەورامییەدا خۆی دەنوێنێت؛ لە چاوی یەکەمدا وەها بەرچاو دەکەوێت کە ڕەوتی گشتی لە هەورامیی کرماشانی بەرەو سادەتربوونی بەرانبەربوونەوە گەردانییەکان دەڕوات. لەم بەشەدا دوو تایبەتمەندیی گەردانی ئەم جۆرە زمانییە لێک دەدرێتەوە: سڕینەوەی بەرانبەربوونەوەی ڕەگەز و هەروەها گۆڕینی ئولگووی نیشانەگەلی کۆ.

#### ٣-١- سڕینەوەی بەرانبەربوونەوەی ڕەگەزێتی

لە زۆرینەی سەرچاوەکانی بەردەستدا جیاکردنەوەی گەردانی جیاوازی ناوگەلی نێر و مێ وەکوو یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییە وشەناسانەکانی هەورامی دەناسێندرێت. بە پێی ئەوەیکە ناوە هەورامییەکان بە گشتی بە بزوێنێکەوە کۆتاییان پێ دێت، چۆنایەتی بزوێنگەلی کۆتایی لە ناوەکاندا ڕەگەزی ئەوان دیاری دەکات. مەکێنزی (١٩٦٦) شێوەی پۆلێنبەندیی ڕەگەز لە ناوگەلی هەورامی لە سەر پێوەری بزوێنی کۆتایی بە شێوەی خوارەوە باس دەکات:

أ: ناوگەلێک کە بە دەنگی نەبزوێن یان بزوێنگەلی جەختدار کۆتاییان پێ‌دێت، نێرن. وەکوو: ʹmamo (مامۆ)، ʹhænni (شووتی)، pja (پیاو)

ب: ناوگەلێک کە بە دەنگگەلی بزوێنی بێ‌جەختی æ و i کۆتاییان پێ دێت یان بە بزوێنی جەختداری e کۆتاییان پێ دێت مێن وەکوو: ʹwałe (خوێشک)، daʹdæ (وشەی بانگ‌کردنی ڕێزدارانە بۆ ژنەکان) ʒæni (ژن).

ج: ئەگەرچی ئەو ناوانەی کە بە بزوێنی جەختداری æ کۆتاییان پێ دێت لە هەورامیدا بە گشتی زۆرینەیان نێرن بەڵام لە نێویاندا برێک ناوی مێش دەبیندرێت.

ڕەگەزی ناوە هەورامییەکان کاریگەرییان هەیە لەسەر گەردانی ئەوەڵناو و کردارگەلێک کە لەگەڵیاندا ڕێککەوتنیان هەیە. بۆ تێگەییشتن لە ئەم خاڵە سەرنجی نموونەگەلی خوارەوە بدەن:

2. a. pija y pir
   man Ezafe old

   «پیاوی پیر»

   b. ʒæni i pir-æ
   woman ezafe old-FEM

   «ژنی پیر»

لە نموونەی (b1)دا ئاوەڵناوی بینراو لە کۆناوەکەدا بە هۆی ڕێککەوتن لەگەڵ ناوی مێ، تەکواژ[1]ی مێسازی æ– وەردەگرێت لە کاتێکدا کە هەر ئەو ئاوەڵناوە لە نموونەی (a1)دا بە هۆی ڕێککەوتن لەگەڵ ناوی نێر تەکواژی æ–ی نییە. ڕێککەوتن بە پێی ڕەگەز لە کردارە هەورامییەکانیشدا دەبیندرێت.

3. a. behnam mærd-Ø
   behnam die.PAST-3SG.M

   «بێهنام مرد»

   b. mæhnaz-æ mærd-æ
   mahnaz-NOM die.PAST-3SG.FEM

   «مەهناز مرد»

لە ڕستەگەلی سەرەوەدا ڕێککەوتنی کرداری تێنەپەڕ لەگەڵ بکەردی نێر و مێ بووەتە هۆی ئەوەیکە ناسەی کردارەکە بگۆردرێت. لە هەورامیی کرماشانیدا ناوەکان بزوێنگەلی کۆتایی خۆیان لە دەست داوە. بە هۆی نەمانی کەرەستەگەلی جیاکردنەوەی ڕەگەزەوە باسی گەردانی ڕەگەزێتی لە ئەم شێوەزارەدا بە گشتی لە ناوچووە، لەناوچوونی بینای جیاکردنەوەی ڕەگەز لە هەورامیی کرماشانیدا بووەتە هۆی ئەوەی کە گەردانی ئاوەڵناوەکان و کردارەکانیش وەکوو یەکیان لێ بێت. بە وتەیەکی تر شێوەی گەردانی ئەم ماکە زمانیگەلە لە هەورامیی کرماشانیدا پێوەندی بە ڕێککەوتن لەگەڵ ناوگەلی مێ یان نێرەوە هەیە و بەم خاڵەوە بەستراوە و ئاڵوگۆڕێک بە خۆیەوە نابینێت.

4. a. pija y pir
   man Ezafe old

   «پیاوی پیر»

[1] Morpheme.

b. ʒæni i pir
woman ezafe old-FEM

«ژنی پیر»

5. a. behnam mærd-Ø
behnam die.PAST-3SG.M

«بێهنام مرد»

b. mæhnaz-æ mærd-Ø
mahnaz-NOM die.PAST-3SG.FEM

«مەهناز مرد»

لە جۆری پاوەیی هەورامیدا مانەوەی بینای ڕەگەزێتی و هەروەها جیاوازیی نێوان ناوگەلی مێ و نێر لە سەر چۆنیەتیی پیشاندانی تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی لە سەر کۆناوی بەرکار لە ڕستەگەلی تێپەڕی کاتی ئێستاشدا کاریگەریی هەیە. بەم شێوەیە کە بەرکارگەلی ناسراوی نێر لە تەکواژی دۆخنوێنی i- کەڵک وەردەگرن و لە بەرانبەرەوە بەرکارگەلی ناسراوی مێ تەکواژی دۆخنوێنی e– وەردەگرن.

6. a. æmen behnam-i mæ-win- u
I Behnam-OBL.M IMPRF-see.PRS-1SG

«من بێهنام دەبینم»

b. æmen mæhnaz-e mæ-win- u
I Mahnaz-OBL.FEM IMPRF-see.PRS-1SG

«من مەهناز دەبینم.»

بە هەمان شێوە کە لە ڕستەگەلی سەرەوەدا دەبینرێن ناوگەلی بەرکاری نێر و مێ بە ڕیزەوە تەکواژگەلی دۆخنوێنی (ئی و ئـێ) وەردەگرن. بە هۆی نەمانی بینای جیاکردنەوەی ڕەگەزێتی لە هەورامیی کرماشانیدا تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی بە پێی نێر و مێی ئەو ناوەی کە وەریاندەگرن، ناگۆڕدرێت و لە هەر دۆخێکدا شێوەیەکی وەستاوی هەیە.

7. a. æmen behnam-i mæ-win- u
I Behnam-OBL IMPRF-see.PRS-1SG

«من بێهنام دەبینم»

b. æmen mæhnaz-i mæ-win- u
I Mahnaz-OBL IMPRF-see.PRS-1SG

«من مەهناز دەبینم».

## ۳-۲- گۆڕان لە ئولگووی نیشانەی کۆدا

جۆری هەورامیی پاوەیی وەکوو زۆرینەی دیالێکتە هەورامییەکان خاوەنی دوو تەکواژی گەردانی وەکوو نیشانەی کۆیە؛ تەکواژی یەکەم تەکواژی an–ـە کە بۆ کۆکردنەوەی ناوگەلی خاوەن دۆخی بەرکارانە بەکار دەبردرێت و تەکواژی دووهەم تەکواژی e–یە بۆ کۆکردنەوەی ناوگەلی خاوەن دۆخی ڕاستەوخۆ یان نابەرکارانە بەکار دەبردرێت:

8. a. æmen　　mɑšɪn-æk-ɑn　　　mæ-šur-u.
I　　car-DEF-PL.OBL　　IMPRF-wash.PRS-1SG
«من ماشینەکان دەشۆم»

b. zawru-k-e　　mæ-ræm-ɑn
child-DEF-PL.NOM　　IMPRF-run.PRS-3SG
«منداڵەکان هەڵدێن»

لە ڕستەی (a۸)دا کۆناوی ماشین کە وەکوو کۆناوێکی بەرکارانە لە ڕستەی تێپەڕی کاتی ئێستادا خاوەنی دۆخی بەرکارانەیە، تەکواژی کۆسازی an– ی وەرگرتووە بە وتەیەکی تر لە ڕستەی (۸-a)دا تەکواژی an– بە شێوەی هاوکات پیشاندەری باری گەردانی کۆ و دۆخی بەرکارانەیە. لە بەرانبەر ئەوەوە لە ڕستەی b-۸دا کۆناوی مناڵ وەکوو ماکەی بکەرد لە پێکهاتەی تێنەپەڕی کاتی ئێستادا خاوەن دۆخی ڕاستەوخۆ یان نابەرکارانەیە و هەر بەم هۆیە بۆ پیشاندانی دۆخی کۆ، تەکواژی e– ی وەرگرتووە. لە ڕستەی ناوبراودا تەکواژی e– وەکوو تەکواژێکی چەند لایەنە بە شێوەی هاوکات بێژەری ژمارەی کۆ و دۆخی نابەرکارانەیە.

لە هەورامیی کرماشانیدا هیچ جۆرە جیاکردنەوەیەک لە نیشانەگەلی کۆدا بوونی نییە و تەنیا لە تەکواژی کۆسازی an– کەڵک وەردەگیردرێت. بە وتەیەکی تر هەم کۆناوگەلی خاوەن دۆخی بەرکارانە و هەم کۆناوگەلی خاوەن دۆخی ڕاستەوخۆ تەکواژی کۆسازی an– وەردەگرن:

9. a. æmen　　mɑšɪn-æk-ɑn　　　mæ-šur-u.
I　　car-DEF-PL　　IMPRF-wash.PRS-1SG
«من ماشینەکان دەشۆم»

b. zawru-k-ɑn　　mæ-ræm-ɑn
child-DEF-PL　　IMPRF-run.PRS-3SG
«منداڵەکان هەڵدێن»

وێڕای ئەمە لە نێوان برێک لە ئاخێوەرانی هەورامیی کرماشانیدا ئەم ڕاکێشانە بوونی هەیە کە بۆ کۆکردنی ناوگەلی خاوەن دۆخی بەرکارانە لە دۆخنوێنی نابەرکارانە کەڵک وەربگیردرێت. بەم شێوەیە ڕستەی (٩- a) ئەگەری ئەوەی هەیە فۆرمی خوارەوەش لە خۆ بگرێت.

10. æmen mašɪn-æk-an-i mæ-šur-u.
I car-DEF-PL-OBL IMPRF-wash.PRS-1SG
«من ماشینەکان دەشۆم»

لە ڕستەی سەرەوەدا کە لە جۆری هەورامیی کرماشانییەوە وەرگیراوە گرووپی ناوی بەرکار وێڕای تەکواژی کۆساز تەکواژی دۆخنوێنی بەرکارانەشی وەرگرتووە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە هەورامیی پاوەییدا وەکوو برێکی تر لە دیالێکتە هەورامییەکان تەکواژی گەردانی نیشانەی دۆخی بەرکاری تەنیا لە وشەگەلی تاکدا ئیزنی بەکارهێنانی هەیە. لە وێنەگەلێک کە گرووپی ناوی بەرکاری خاوەن تایبەتمەندیی ژمارەی کۆیە، تەکواژی گەردانیی کۆ بە شێوەیەکی هاوکات زانیاریگەلێک سەبارەت بە ژمارە و دۆخیش پیشان دەدات.

## ٤- تایبەتمەندییە ڕستەناسانەکان

وێڕای بواری وشەناسی هەورامیی کرماشانی تایبەتمەندیگەلی ڕستەناسانەی تایبەتی بە خۆی پیشان دەدات کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم جۆرە تایبەتە لە هەورامی لەگەڵ جۆرگەلی تر وەکوو پاوەیی جیا بکرێتەوە. لەم بەشە تەنیا ئاماژە بۆ دوو نموونە لە جیاوازییە ڕستەناسانەکانی نێوان جۆری کرماشانی و پاوەیی دەکرێت.

### ٤-١- پیشاندانی نموودی بەردەوام

دیالێکتی هەورامیی پاوەیی لە پێکهاتەگەلێکی زمانی تایبەت بۆ شێوەبەندی نموودی بەردەوام لە کاتی ئێستا و ڕابردوودا کەڵک وەردەگرێت. ئەم پێکهاتە زمانیگەلە کە پێشتر کەریمی و نەقشبەندی (١٣٩٠) ناوی بەردەوامی-جەختی[1]یان لە سەر ناوە. لە تێکەڵبوونی چاوگ و کرداری گەردانکراوی ئێستا و ڕابردوو پێک دێن. نموونەگەلی خوارەوە بەکارهێنانی ئەم پێکهاتە تایبەتگەلە لەگەڵ کردارگەلی تێپەڕ لە هەورامیی پاوەییدا ڕوونتر دەکاتەوە:

11. ræmay mæ-ræm-u
to run IMPRF-run.PRS-3SG

«ئەو دەردەچێت»

---

[1] Progressive-emphatic.

12. geɫay gel-ene
to wander wander.PRS-1SG

«من دەگەڕام»

لەمەڕ پێناسەی ماکی یەکەمی بەکارهاتوو لە ئەم پێکهاتە زمانیگەلەدا بیروڕاگەلێکی جیاجیا وتراوە. دەبیر موقەددەم (۱۳۹۲) بەم ماکە دەڵێت ئاوەڵناوی بەرکارانە، مەکێنزی (۱۹٦٦) وەکوو جۆرێک ئاوەڵکار پێناسەی دەکات کە واتای بەردەوامبوون بە هەمووی گرووپە کردارییەکان زێدە دەکات. زاهدی (۱۳۸٦) ئەم بەشە تایبەتە لە دەستەواژەگەلی کرداری بەردەوام وەکوو ماکەی موزاعەفسازیکراو[1] پێناسە دەکات. بە پێی ئەم خاڵە کە تەکواژی /ay/ لە هەورامیدا وەکوو تەکواژی چاوگساز پێناسە کراوە و هەروەها بە سەرنجدان بەو بابەتە کە چاوگ لە زمانگەلی تری ئێرانیشدا بۆ ڕاگەیاندنی چەمکی بەردەوامی بەکار هێنراوە، دەتوانین بە ڕادەیەک لە متمانەوە بەشی یەکەم لە پێکهاتەگەلی زمانیی باسکراو وەکوو چاوگ بە ئەژمار بێنین. ڕوون و ئاشکرایە کە هێنانەوەی هۆکارگەلی زۆرتر لە ئەم بوارەدا پێویستی بە وتارگەلێکی جیا جیای تر هەیە.

بەکارهێنانی پێکهاتەگەلی ناوبراو لەگەڵ کردارگەلی تێپەڕدا یەک بەرگری گەورەی هەیە، تەنیا لە یەک شێوەدا دەتوانین ئەم مکانیزمە لەگەڵ کردارگەلی تێپەڕدا بەکار بێنین کە بەرکاری ڕاستەوخۆ ناسراو بێت و بتوانرێت بە شێوەی نائاشکرا یان وشەبەستی کەڵکی لێ وەربگیردرێت. کەڵک وەرگرتن لە گرووپە ناوگەلی بەرکاری لە پێکهاتەگەلی ناوبراودا دەبێتە هۆی خراپسازبوونی ڕستەکە.

13. wardæ y mu-wær-u
to eat IMPRF-eat.PRS-1SG

«من دەیخۆم»

14. warday=š mu-wær-u
to eat=3SG IMPRF-eat.PRS-1SG

«من دەیخۆم»

15. * Cašt-ækæ-y wardæy mu-wær-u
food-DEF-OBL to eat IMPRF-eat.PRS-1SG

لە ئەگەری بەدینەهاتنی مەرجی پراگماتیکی سەرەوە و یان لێکدراوبوونی کرداری سەرەکی، ئاخێوەری پاوەیی ناتوانێت لە مکانیزمی باسکراو کەڵک وەربگرێت و دەبێت بۆ پیشاندانی

[1] Reduplicated Element.

نموودی بەردەوامی لە بینایەکی تر کەڵک وەربگرێت کە لە دیالێکتگەلی جیاوازی کوردیش کەڵکیان لێ وەردەگیردرێت.

16. Xærik-an-an cašt-ækæ-y mu-wær-u
busy-to be-1SG food-DEF-OBL IMPRF-eat.PRS-1SG
«من خەریکم نانەکە دەخۆم»

هەورامیی کرماشانی تەنیا لە مێکانیزمی دووهەمی پیشاندانی نموودی بەردەوامی کەڵک وەردەگرێت و بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت لە شێوەی یەکەم کە لە هەورامیی پاوەییدا دەبینرێت کەڵک وەربگرێت، ئەمە دەتوانین وەکوو سادەتربوونەوەی دەزگای گەردانیی کردارەکان لە جۆری کرماشانیدا بە ئەژمار بێنین.

## ٤-٢- ڕاگەیاندنی ئولگووی ڕێککەوتنی ئێرگتیڤ

پێکهاتەی هاوتەریبیی ئێرگتیڤ لە دیالێکتگەلی هەورامیدا تەنیا بەستراوە بە ڕستەگەلێکەوە کە کرداری سەرەکییان لە بنی کرداری ڕابردوو جیا بووبێتەوە. دیالێکتی هەورامیی پاوە وەکوو زۆرینەی جۆرەکانی تری هەورامی لە ناوچەی لهۆن، تەخت و ژاوەرۆدا لە دوو مکانیزمی جیاواز بۆ پیشاندانی ئولگووی ئێرگتیڤ کەڵک وەردەگرێت. مکانیزمی یەکەم، کە لە دیکەی زمانگەلی ئێرانیشدا کە خاوەنی ئولگووی ئێرگتیڤن دەبینرێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی پێکهاتەگەلێک کە بە ئێرگتیڤی بێنیشان ناوزەد دەکرێن و مکانیزمی دووهەم دەبێتە هۆی پێکهاتنی ڕستەگەلێک کە نەقشبەندی (١٣٩٠) وەکوو ڕستەگەلی ئێرگتیڤی نیشاندار پێناسەی کردوون.

لە پێکهاتەگەلی بێنیشاندا لە ڕستەگەلی تێنەپەڕدا بکەری ڕستەکە لەگەڵ کرداری سەرەکی پێوەندیی ڕێککەوتنی هەیە و لەبەرانبەردا لە ڕستەگەلی تێپەڕ، بەرکاری ئاشکرا لەگەڵ کرداری ڕستەکە ڕێککەوتنی هەیە. لەم ڕستەگەلەدا بکەرد لەگەڵ وشەبەستی هاوسەرچاوە لەگەڵ خۆیدا ڕێککەوتنی هەیە. شایانی ئاماژەیە کە لە هەورامیی پاوەییدا بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەگەلی ئێرگتیڤی تێپەڕدا لە ڕێگای تایبەتمەندیگەلی کەس و ژمار و ڕەگەزیشدا لەگەڵ کرداردا ڕێککەوتنی هەیە. نموونەگەلی ١٧ تا ١٩ بە شێوەی ڕوون ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە دەکات.

17. Hiwa færš-ækæ=š šet-Ø
hiwa carpet-DEF=3SG wash.PAST-3SG.M
«هیوا قاڵییەکەی شۆرد»

18. Hiwa fæṛš-æk-e=š šet-e
hiwa carpet-DEF-PL-3SG wash.PAST-3PL

«هیوا قاڵییەکانی شۆرد»

19. qoli fæṛzane=š kušt-æ
qoli farzane-3SG beat.PAST-3SG.FEM

«قولی لە فەرزانەی دا»

هەورامیی کرماشانیش لە ئەم مێکانیزمە بۆ پێشاندانی ئولگووی ڕێککەوتنی ئێرگتیڤ کەڵک وەردەگرێت، بەم جیاوازییەوە کە لە ئەم دیالێکتەدا ڕێککەوتنی بەرکار و کردار تەواو سنووردارە و تەنیا گیرەکی ڕێککەوتنی سێهەم کەسی تاکی نێر لەسەر کرداری ڕستە پیشان دەدرێت. جۆری وتنی ڕستەگەلی سەرەوە لە دیالێکتی هەورامیی کرماشانیدا بە شێوەی خوارەوەیە:

20. Hiwa fæṛš-ækæ=š šet-Ø
hiwa carpet-DEF-3SG wash.PAST-3SG.M

«هیوا قاڵییەکەی شۆرد»

21. Hiwa fæṛš-æk-an=eš šet-Ø
hiwa carpet-DEF-PL=3SG wash.PAST-3SG.M

«هیوا قاڵییەکانی شۆرد»

22. qoli fæṛzane=š kušt- Ø
qoli farzane-3SG beat.PAST-3SG.M

«قلی لە فەرزانەی دا»

لە پێکهاتەگەلێک کە لەسەر بنەمای مێکانیزمی دووهەمی پیشاندانی ئولگووی هاوتەریبیی ئێرگتیڤ لە دیالێکتی هەورامیی پاوەییدا ساز دەکرێت، سازەگەلی بکەرد و بەرکاری ڕاستەوخۆ بە ریزەوە دەستخۆشی مکانیزمگەلی فۆکێس‌بوون[1] و تاپیک‌بوون[2] دەبن و هەروەها خوێندنەوەی واتایی فۆکێسی و تاپیکی وەردەگرن. هەر بەم هۆیەوە ئەم پێکهاتەگەلە بە نیسبەت جۆرگەلی یەکەم نیشاندار بە ئەژمار دێن. لەم پێکهاتەگەلەدا سازەی بکەرد لە جیاتی ڕێککەوتن لەگەڵ وشەبەست لەگەڵ تەکواژی دۆخ‌نوێنی نابکەردی پیشان دەدرێت. بەرکاری ڕاستەوخۆ کە لە ئەم پێکهاتەگەلەدا وەکوو سازەی تاپیک‌بوو کار دەکات لە بواری واتاییەوە خاوەن زانیاری کۆنە و بە گشتی لەگەڵ تەکواژی ناسراوسازدا لە ڕستەدا ئامادە دەبێت. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرنج

[1] Focusing.

[2] Topicalization.

ڕاکێشەکانی پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤی نیشانەدار لە دیالێکتی پاوەییی هەورامیدا ڕیزی نەگۆڕی سازەگەلی پێکهێنەری ڕستەیە. لەم پێکهاتەگەلەدا بەرکاری ڕاستەوخۆ واتە تاپیک لە پێگەی یەکەمینی ڕستەدا دەوەستێت، پاشان سازەی بکەر لە پێگەگەلی دواییدا دەبینرێت و لە ئاکامدا کرداری ڕستە کە لە بنی کرداری ڕابردوو جیا بووەتەوە لە پێگەی کۆتاییی ڕستەدا جێگیر دەبێت. هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە ریزی وەستانی سازەگەلی بکەرد و بەرکاری ڕاستەوخۆ دبێتە هۆی ناڕێزمانیبوونەوەی پێکهاتەگەلی بەردەست. لەم پێکهاتەگەلەدا هەروەها، هەر وەکوو پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤی بێ نیشان بەرکاری ڕاستەوخۆ دەتوانێت لەگەڵ کرداری تێپەڕ پێوەندیی ڕێککەوتن دروست بکات. وێنەگەلی ٢٣ و ٢٤ بەکارهێنانی ئەم پێکهاتەگەلە لە هەورامیی پاوەییدا نیشان دەدات.

23. dɑr-ækæ særdɑ-y bærd-Ø
tree-DEF coldness-OBL take.PAST-3SG
«سەرما دارەکەی لە ناو برد [نە هۆکارگەلێکی تر]»

24. dɑr-æk-e særdɑ-y bærd-e
tree-DEF-PL coldness-OBL take.PAST-3PL
«سەرما دارەکانی لە ناو برد [نە هۆکارگەلێکی تر]»

هەورامیی کرماشانی لە ڕێزمانی خۆیدا کەرەستەگەلی ئاوای بۆ پیشاندانی ئولگووی ڕێککەوتنی ئێرگتیڤ نییە. بە وتەیەکی تر پیشاندانی ئولگووی ئێرگتیڤ لە جۆری کرماشانیدا تەنیا سنووردارە بە کەڵکوەرگرتن لە وشەبەست و تەکواژی دۆخ نوێنی نابکەردی ناتوانێت وەکوو کەرەستەیەک بۆ پیشاندانی نیشانەدارکردنەوەی بکەرد لە پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤدا کەڵکی لێ بگیردرێت. ئاخێوەری هەورامیی کرماشانی بۆ ڕاگەیاندنی واتەی تاپیک و فۆکێس تەنیا لە کەرەستەگەلی دەنگی کەڵک وەردەگرێت و بە هیچ شێوەیەک لە مکانیزمی دووهەم کەڵک وەربگرێت.

وێڕای پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤی نیشانەدار لە حاڵێکدا کە بەرکاری راستەوخۆ لە ڕستەی ئێرگتیڤدا بە شێوەی بەرچوو ئامادە نەبێت جۆری پاوەیی لە تەکواژی دۆخنوێنی نابکەردی بۆ پیشاندانی بکەری ڕستە کەڵک وەردەگرێت. لە ئەم حاڵەدا تەنیا ئامرازی دیاریکردنی بەرکار گیرەکی ڕێککەوتن لەسەر کەردارەکەیە.

25. Ben ɑ m-i yɑwn-ɑne.
Behnam-OBL take.PAST-1SG
«بێهنام منی گەیاند»

لە هەورامیی کرماشانیدا بۆ وتنەوەی وێنەی ۲۵ لە جیاتی کەڵکوەرگرتن لە تەکواژی دۆخنوێن لە سەر بکەرد دیسانەوە لە وشەبەستی هاوسەرچاوە لەگەڵ بکەرد لەسەر کردار کەڵک وەردەگیرێت.

26. Benām yawn-āne=š
Behnam take.PAST-1SG=3SG

«بێهنام منی گەیاند»

بە هەمان شێوە کە لە نموونەی سەرەوەدا دیارە وشەبەستی هاوسەرچاوە لەگەڵ بکەرد لە هەورامیی کرماشانیدا پاشوەندی ڕێککەوتنی بەرکاری و لە کۆتایی دەستەواژەی کرداریدا دێت. جیاوازیی دوایی دیالێکتگەلی پاوەیی و کرماشانی لە ئەم باسەدا دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەگەلێک کە لەواندا نە بکەرد و نە بەرکار بە شێوەی ئاشکرا دیار نین. لە دیالێکتی پاوەییدا تەنیا شێوەی ڕاگەیاندنی بکەرد لەم جۆرە پێکهاتە ئێرگتیڤگەلەدا لە ڕێگەی وشەبەستێکەوەیە کە لە کۆتایی دەستەواژەی کرداریدا دێت (پێکهاتەیەک وەکوو ڕستەی ۲٦ لە جۆری کرماشانیدا).

27. kušt-āne=š
kill.past-1SG=3SG

«ئەو منی کوشت»

ئاخێوەرانی کۆنتر و بە ساڵاچووی کرماشانیش بۆ وتنی بکەرد و بەرکاری نەماو لە پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤ لە ڕستەیەک وەکوو ڕستەی ۲۷، کە تایبەت بە پاوەییە، کەڵک وەردەگرن. بەڵام بەرەی نوێی ئاخێوەرانی ئەم دەورە زمانییە مکانیزمێکی تەواو نوێی بۆ ڕاگەیاندنی بکەرد و بەرکاری ڕستە لە ئەم حاڵەدا بەکار دەبەن. لەم مکانیزمەدا هەم بکەرد و هەم بەرکار لە ڕێگەی وشەبەستەوە دەناسێندرێن لە ڕستەی خوارەوە بە پێچەوانەی ڕستەی ۲۷ کە تایبەتە بە هەورامیی پاوەیی بەرکاری ڕستە نە لە ڕێگای گیرەکی ڕێککەوتنەوە کە لە ڕێگای وشەبەستەوە پیشان دەدرێت.

28. kušt=m=š
kill.past=1SG=3SG

«ئەو منی کوشت»

بوونی پێکهاتەگەلێک بەم شێوە لە دیالێکتی کرماشانیدا دەتوانێت پیشاندەری گۆڕانی هێدی هێدیی ئولگووی ڕێککەوتن لە کرماشانیدا لە ئێرگتیڤەوە بۆ ئولگوی نابکەردی بێت. ئاڵوگۆڕێک کە بە بڕوای بڕێک لە زمانناسان سەرەتای لاوازبوونەوەی ئولگوی ئێرگتیڤ و گۆڕانی ئەو بۆ ئولگوی بەرکاری یەکدەست (هێگ ۲۰۰۸). ڕەوتی گۆڕانی سەرەوە کە باسکرا، تەنیا سنووردار بە هەورامی نییە و لە بڕێک لە زمانگەلی ئێرانی تریشدا ئەم دیاردەیە دەبینرێت. بۆ نموونە لە

دیالێکتی ئەردەڵانی زمانی کوردیدا بە پێچەوانەی دیالێکتگەلی مەحافزەکارتر وەکوو بانەیی و مەهابادی بۆ ڕاگەیاندنی بکەرد و بەرکار لە پێکهاتەگەلی ئێرگتیڤ کە دەستەواژەی ناوی ئاشکرایان نییە لە ئولگووی نابکەردی کەڵک وەردەگیردرێت.

### ٥- دەرکەوتی وتار

وتاری بەردەست هەوڵی دا تا بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی دەنگی، وشەناسانە و ڕستەناسانەی هەورامیی کرماشانی وەکوو جۆرێکی نوێ و دوایی لە هەورامی بناسێنێت و شرۆڤە بکات. ئەم جۆرە بە گشتی لە بەرەی دووهەم و سێهەمی کۆچ‌کردووان کە لە دەیەی بیستی زایینی بەم لاوە لەبەر هۆکارگەلێکی جیا جیا لە شاری پاوەوە بۆ کرماشان کۆچیان کردووە، بەرچاوە و تا ئێستا لێک‌نەدراوەتەوە و لە لایەن ئاخێوەرانی نیشتەجێی هەورامی تەنیا وەکوو جۆرێکی نابنەڕەتی لە هەورامیی پاوەیی ناسێندراوە. وێڕای ئەمەش، چاوخشاندنێکی ورد بە بڕێک لە تایبەتمەندیگەلی ئەم دیالێکتە لە لایەکەوە هەڵسەنگاندنیی لەگەڵ بڕێکی تر لە جۆرگەلی هەورامی وەکوو جۆری کەندووڵەیی و قەڵایی ئەوەی بۆ نووسەرانی ئەم وتارە سەلماند کە دەتوانین ئەم جۆرە تایبەتە وەکوو جۆرێکی نوێ لە هەورامی بناسێنین و لێکی‌بدەینەوە. زۆربەی تایبەتمەندیگەلی دیتراو لە جۆری هەورامیی کرماشانیدا وەکوو سڕینەوەی داڵی هەورامی، لە ناوچوونی جیاوازی ڕەگەزێتی، سادەتربوونەوەی ئولگووی وشەگەلی کۆ، گۆڕانی شێوەگەلی ڕاگەیاندنی نموودی بەردەوام و ئولگووی ڕێککەوتنی بەرکاری لە دیالێکتگەلی دوو نادراوسێی کەندووڵەیی و قەڵاییدا دەدۆزرێتەوە. هەر بە پێی ئەم هۆکارە دەتوانین ئاڵوگۆڕگەلی ناسێندراو لە جۆری کرماشانیش وەکوو دەڤەرگەلی ئاڵوگۆڕ لە جۆرگەلی تری هەورامی لە ناوچەگەلی لهۆن، تەخت و ژاوەرۆ بناسێنین.

## سەرچاوەکان

**فارسی:**


ارانسکی، ای. ام. (۱۳۵۸). *مقدمه‌ی فقه اللغه ایرانی*. ترجمه کریم کشاورز. تهران: انتشارت پیام.

دبیرمقدم، محمد (۱۳۹۲). *رده‌شناسی زبان‌های ایرانی*. دو جلد. تهران: سمت.

زاهدي، محمدصديق (۱۳۸٦). «مضاعف‌سازی (تکرار) در گویش هورامی». مجله‌ی *زبانشناسی*. سال بیست‌ودوم. شماره‌ی اول.

کریمی، یادگار و زانیار نقشبندی (۱۳۹۰). «ساخت‌های فعلی استمراری-تأکیدی در گویش هورامی». مجله‌ی *پژوهش‌های زبانی*. دوره ۲. ۸۳-۱۰۰.

محمودویسی، پروین (۱۳۹۰). عروض در شعر کردی سورانی. *جشن‌نامه ابوالحسن نجفی*. به کوشش امید طبیب زاده. تهران: نیلوفر.

مولایی، چنگیز (۱۳۸۱). «مفعول مطلق در زبان فارسی (تحقیقی در حاشیه دستور تاریخی در زبان فارسی)». مجله‌ی *زبان و ادب فارسی*. دوره ۴۵. ۹۵ – ۱۰۲.

نقشبندی، شهرام (۱۳۷۵). *نظام آوایی گویش هورامی (گونه شهر پاوه) از دیدگاه واج‌شناسی زایشی و واج‌شناسی جزمستقل*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد. تهران: دانشگاه علامه طباطبایی.

نقشبندی، شهرام (۱۳۹۷). «ناسوده‌شدگی انفجاری‌های لثوی در هورامی گونه پاوه». *جستارهای زبانی*. در دست چاپ.

نقشبندی، زانیار (۱۳۹۰). *ساخت‌های ئیرگتیف در گویش هورامی*. پایان‌نامه کارشناسی ارشد. سنندج: دانشگاه کردستان.

نقشبندی، زانیار (۱۳۹۴). *بررسی مقوله وجهیت در گویش هورامی: رویکردی رده شناختی*. پایان‌نامه دکترای تخصصی. همدان: دانشگاه بوعلی سینا.


**ئینگلیزی:**


Haig, G. (2008). *Alignment Change in Iranian Languages: A Construction Grammar Approach*. Berlin: Mouton de Gruyter.

Hassanpour, A. (1998). The identity of Hewrami speakers: reflections on the theory and ideology of comparative philology. in *Anthology of Gorani Kurdish Poetry* (ed. by A. Soltani). London: Soane Trust for Kurdistan.

Kreyenbroek, P. & B. Chamanara. (2014). Literary Gurāni: Koinè or Continuum? In H. Bozarslan & C. Scalbert-Yücel (eds.), Joyce Blau: L'éternelle chez les Kurdes (151-167). Istanbul: Institut français d'études anatoliennes

MacKenzie, D. N. (1961). The Origins of Kurdish. *Transactions of the Philological Society.* (68-86).

Leezenberg, M. (1993). Gorani Influence on Central Kurdish: Substratum or Prestige Borrowing? *Amsterdam, Institute for Logic, Language and Computation, University of Amsterdam, ILLC Prepublication.*

MacKenzie, D. N. (1966). *The Dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon): Grammatical Sketch, Texts and Vocabulary*. København: Munksgaard.

Mahmoudveisi, P. Deins Bailey, Ludwig Paul, Geoffrey Haig. (2012). *The Gorani of Gawraju, a village of west Iran: Text, Grammar, and Lexicon.* Wiesbaden: DR Ludwig Reichert Verlag.

Mahmoudveisi, P. Deins Bailey. (2013). *The Gorani of Zardeh, a village of west Iran: Text, Grammar, and Lexicon.* Wiesbaden: DR Ludwig Reichert Verlag.

Minorsky, V. (1943). The Guran. *BSOAS XIII*. (75-103).